# ڕێزلێنان لە نوسەرانی شاخ

## بەبۆنەی 49 ساڵەی دامەزراندنی ی.ن.ک و 40 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان لە شاخ، بۆردی هۆشیاری، ڕێز لە کۆمەڵێک نوسەری شاخ دەنێت

**ڕاپۆرتی/ ئالان محەممەد جەزا**

لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا کە ڕۆژی 2024/6/4 مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری- بۆردی هۆشیاری بۆ نوسەرانی شاخی ڕێکخستبوو، بەئامادەبوونی ژمارەیەک لەو نوسەرانەی شاخ و کەسوکاری ئەوانەشیان کە ماڵئاواییان لە ژیان کردووە، قەڵغانی ڕێزلێنانیان بەخشرا بە ژمارەیەک لەو نوسەرانە کە شان بەشانی پێشمەرگە بە چەک و قەڵەم لەشاخ خەباتیان کردووە.

سەرەتا ئەحمەد عارف سەرپەرشتیاری ڕێوڕەسمەکە وتەی نوسەرانی شاخی پێشکەشکرد و تێیدا ڕۆڵی نوسەرانی شاخی بەرزنرخاند وەک بەشێک لە ئەدەبی بەرگری.

دواتر عیماد ئەحمەد لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری ستایشی نوسەرانی شاخی کرد کە لە ڕۆژگاری خەباتی سەختی شاخدا پاڵپشت و پشتیوانێکی گەورەی ئازادیی نووسین و گوڕ و وەرەبوون بۆ هێزی پێشمەرگە و وتی: لە سەردەمی خەباتی شاخدا مام جەلال خاوەنی دید و تێڕوانینێک بوو سەبارەت بە خەباتی هاوبەشی چەک و قەڵەم و دەیوت: «بەو جۆرە شۆڕشەکەمان دەگەیەنینە ئەنجام. هەروەها وتی: مام جەلال و مەکتەبی سیاسی و ناوەندی کۆمەڵە لەو سەردەمەدا، ڕۆڵێکی بنەڕەتییان هەبوو لەوەدا کە بتوانین شانبەشانی چەک قەڵەمەکانیشمان بەکاربهێنین و بەرگریی بکەین و بەرەنگاری دوژمنەکانمان ببینەوە.

وتیشی: ئەمڕۆ نەک ئێمە، بەڵکو ئەوان خەڵاتی ئێمە دەکەن، چونکە ئەوان خاوەنی شۆڕش و قەڵەم و فیکر بوون. لەوکاتەدا خەڵکەکەمان زۆر نائومێدبوون، بەڵام بە قەڵەم و هونەری ئەوان، توانیومانە شۆڕشێک بەرپابکەین کە بەرهەمەکەشی دیارە.

بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بەخشینی خەڵاتی ڕێزلێنان بوو بە نوسەرەکان و کەسوکاری ئەوانەی لە ژیاندا نەماون، کە ئەو هەنگاوە بووە مایەی خۆشحاڵیی نوسەرانی شاخ و کەسوکاری نوسەرە کۆچکردووەکان کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵیادەکەیدا ئەو نوسەرانەی بەسەرکردۆتەوە.

لەو ڕووەشەوە ئەو نوسەرانە و کەسوکارەکانیان دووپاتیان کردەوە کە لەسەر هەمان ڕێبازی یەکێتی بەردەوام دەبن و سوپاسی مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیارییان کرد.

لەبەشێکی دیکەدا ئەحمەد عارف سەرپەرشتیاری ڕێوڕەسمەکە سەبارەت بە قەڵغانی ڕێزلێنان بۆ نوسەرانی شاخ بە کوردستانی نوێی وت: ئەمڕۆ ئێمە بە بۆنەی 49ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە، ئەم ڕێوڕەسمەمان ڕێکخستووە ڕێزلێنانێکە هەم بۆ ساڵیادی ی.ن.ک و هەم بۆ 40 ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان لە شاخ کە ئەو نوسەرانەش هاوشێوەی برا پێشمەرگەکانیان لە سەنگەری تێکۆشانی قەڵەم و چەکدا بوون و بگرە هەندێکیان لەو ڕێگەیەدا شەهید بوون لە نموونەی شەهید عەبدولخالق مەعروف و شەهید جەمیل ڕەنجبەر، ئەمانە وەک نوسەر و ئەندامی ئەو یەکێتیی نوسەرانە خەباتیان کردووە و شەهید بوون.

لەبارەی مێژووی ڕێکخراوەکەشیانەوە ئەوەی ڕوونکردەوە کە لە 1980/8/3 دوا کۆبوونەوەیان ئەوەبووە کە یەکێتیی نوسەرانی کوردستان ڕابگەیەنن لە ناوزەنگ، ڕوونیشیکردەوە کە ئەندامانی ڕێکخراوەکە تەنها یەکێتی نەبووین، بەڵکو برادەرانی حزبی شیوعیشمان لەگەڵدابوو وەک ڕەفیق سابیر و چەند کەسێکی تر و برادەرانی حزبی سۆشیالیستی کوردستانیشمان لە گەڵدا بوو وەک دکتۆر مارف عومەر گوڵ، واتە لە بیروڕای سیاسیدا جیاواز بووین، بەڵام لەڕووی ڕێکخراوەییەوە یەکگرتووبووین و یەک یەکێتیمان هەبوو، ئەمڕۆش لەسەر ئەو قسەیەی کە نان و ئازادی بۆ نوسەران و هونەرمەندان کە لەلایەن هەڤاڵ مام جەلال -ەوە وتراوە، لەسەر ئەو بنەمایە ڕێزلێنانێکی ئاسایی بۆ ئەوانە دەکەین کە لە ژیاندان و ئەوانەش کە نەماون، کەسوکاریانمان بانگهێشت کردووە تا لەجێگەی ئەوان ئامادەبن.

ئەحمەد عارف ڕاشیگەیاند: ئەوانەی داوامانکردبوو ڕێزلێنانیان بۆ بکرێت 35 کەس بوون بە حوکمی دووریان و هەندێکیان کە لە ئەوروپان یان هەیانە لە ژیاندا نەماون و کەسوکارەکانیشیان نەیانتوانیوە بێن، بۆیە ئەوەی ڕێزلێنانیان بۆ دەکرێت و لەم ڕێوڕەسمەدا ئامادەبوون 20 کەسن.

پاشان، چەند نوسەرێکی شاخ ، کە ئامادەی ڕێوڕەسمەکە بوون، قسەیان بۆ کوردستانی نوێ کرد و لەوبارەیەشەوە نوسەر و پێشمەرگەی دێرین مەلاشاخی وتی: ئەمڕۆ لە شاری سلێمانی بۆردی هۆشیاری سەر بە مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاریی ی.ن.ک قەڵغانی ڕێزلینانی بەخشی بە نوسەرانی شاخ ئەوانەی لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا بە چەک و قەڵەم بەشدارییان لە خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانیی خەڵکی کوردستاندا کردووە، ئێمە کە لەو ڕێوڕەسمەدا ڕێزمان لێنرا، بەڵێن نوێ دەکەینەوە کە هەتا لە ژیاندابین، درێژەپێدەری ڕێبازی ڕەوانشاد مام جەلال دەبین و بە چەک و قەڵەم داکۆکی لە مافە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانمان دەکەین و درێژە بە خەبات دەدەین و چەک و قەڵەممان هەمیشە لە خزمەتی خاک و گەل و نیشتمانەکەماندا دەبێت.

### یەکێتی، گەورەیی نواند

ڕۆهات مارف عومەر گوڵ، کوڕی نوسەر و ئەکادیمیستی کۆچکردوو د. مارف عومەر گوڵ، وتی: ئەم ڕێوڕەسمی ڕێزلێنانەی ئەمڕۆ ڕێکخرا بۆ ئەو تێکۆشەرە دێرینانەی کە لەشاخ خزمەتیان بە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە، هەنگاوێکی گرنگە بۆ هەموو ئەو کەسانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان خزمەتیان کردووە جا خۆیان مابن یان شەهیدبوون، یاخود بەهەر جۆرێک ماڵئاواییان لە ژیان کردووە و خانەوادە بەڕێزەکانیان، ئەمڕۆ ئێمەش وەک ئەو بنەماڵە بەڕێزانەی دیکە وەکو بنەماڵەی کۆچکردوو پڕۆفیسۆر د. مارف عومەر گوڵ قەڵغانی ڕێزلێمانمان پێ بەخشرا، زۆر خۆشحاڵین، بە ڕاستی ئەوە گەورەییە بۆ ئێمە کە لەلایەن مەکتەبی ڕاگەیاندن و بیرو هۆشیاری ی ن ک- ەوە ئەو ڕێزەمان لێ دەنرێت، دووبارە سوپاسیان دەکەین.

لای خۆشییەوە هیران عادل عەلی وەکو نوێنەری مامۆستا شێرکۆ بێکەس، وتی: دەستخۆشی لە مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاریی ی.ن.ک دەکەین بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو نوسەرە گەورانە و ئێمە وەک نوێنەری مامۆستا شێرکۆ بێکەس زۆر خۆشحاڵین کە لە یادی یەکێتی و یەکێتیی نووسەرانی شاخدا لە یادنەکراوین و هەمیشە لە یادیاندابن، زۆر سوپاسیان دەکەین کە ئەم خەڵاتەیان پێشکەش بەنوێنەری مامۆستا شێرکۆ کردووە، دەستیان خۆش بێت هەمیشە سەرکەوتووبن، هیوادارین ئەمە یەکەم بە سەرکردنەوە نەبێت لەکاتی کەشدا بەسەرکردنەوەیان هەبێت دەستیان خۆشبیت .



وێنەیەکی یادگاریی بەشداربووانی ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە نوسەرانی شاخ

> عیماد ئەحمەد:
> لە سەردەمی خەباتی شاخدا مام جەلال خاوەنی تێڕوانینێک بوو سەبارەت بە خەباتی هاوبەشی چەك و قەڵەم

> مەلا شاخی:
> ئێمە كە ڕێزلێنانمان بۆ كراوە بەڵێن نوێ دەكەینەوە هەتا لە ژیاندابین درێژە پێدەری ڕێبازی ڕەوانشاد مام جەلال دەبین و بە چەك و قەڵەم داكۆكی لە مافەكانی گەلەكەمان دەكەین






هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی قەڵغانی ڕێزلێنانیان بەخشییە هەریەک لە نووسەرانی شاخ..........،فەرید ئەسەسەرد، ئەحمەد عارف، خانەوادەی شەهید جەمیل ڕەنجبەر






قەڵغانی ڕێزلێنانیان بەخشرایە هەریەک لە نووسەرانی شاخ جەوهەر کرمانج، دڵشاد ئەحمەد، سەلام حەسەن، محەمەد کەساس